**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرچوون: ١٨**

**مێژووی دەرچوون: /٢٠١٨/٧**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠١٨/٧/١٥ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەلاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەلاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٨
## یاسای هەمواری سێیەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی (١):**

**ماددەی (١) لەیاسای هەمواری دووەمی پیادە کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.**

**ماددەی (١):**

ئەو گرێبەستانەی بۆمەبەستی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ نیشتەجێ بوون یا غەیری نیشتەجێوون گرێدراون، هەر (٤) چوار ساڵ جارێك نوێ دەکرێتەوە بە کرێیەك کە هەردوولا لەسەری رێك دەکەون بە زیاد کردن یان کەم کردن بەمەرجێك لە حاڵەتی زیاد کردنی کرێیەکە لە ٢٠٪ زیاتر نەبێت لە کرێی پێشوو

**ماددەی (٢):**

**ماددەی (٢) لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.**

**ماددەی (٢):**

یەکەم: ئەگەر هەردوو لای گرێبەست لەسەر بڕی کرێ رێك نەکەوتن کە بەپێی ماددە (١) کە لەم یاسایەدا هاتووە ئەوا هەردوو لا یان لایەکیان بۆیان هەیە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرە بکەن کە لە رێگەی لیژنەی خەملاندنی تایبەتەوە بەرەچاو کردنی دۆخی ئابووری خەملاندن بۆ کرێیەکە بکات.

دووەم: بڕیارەکانی لیژنەی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە شایەنی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای بەرایی لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ لە بڕیاری خەملاندنەکەوە وبڕیاری دادگا یەکلاکەرەوە دەبێت.

**ماددەی (٣):**

ماددەی (٤) لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٤):**

ماددەیەك بۆ یاساكە زیاد دەكرێت و ریز بەندی مادەكان رێك دەخرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

چۆڵ کردن (تخلیە) لە گرێبەستەکانی مادە یەکی ئەم یاسایە ملکەچ دەبێ بۆ حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩.

**ماددەی (٥):**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لە حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێ.

**ماددەی (٦):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٧):**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لەرۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لەپێناو هێنانەدی دادپەروەری و هاوسەنگی لەنێوان مافی خاوەن موڵك و کرێچی و، بە لەبەرچاو گرتنی دۆخ و گرفتی ئابووری وکۆمەڵایەتی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شكرالله**<br>**سكرتێری پەرلەمانی**<br>**كوردستان - عیراق** | **جعفر إبراهیم ئێمینكی**<br>**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**<br>**كوردستان - عیراق** | **یوسف محمد صادق**<br>**سەرۆكی پەرلەمانی**<br>**كوردستان - عیراق** |

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم الإصدار: ١٨**

**تاريخ الإصدار: /٧/٢٠١٨**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، وبناءً على ما شرعه البرلمان في جلسته الاعتيادية رقم (٧) بتأريخ ١٥/٧/٢٠١٨، وبموجب السلطة الممنوحة لرئاسة البرلمان بموجب الفقرة (ثالثاً) من (المادة الأولى) من القانون رقم (٢) لسنة ٢٠١٧، قرر إصدار القانون الآتي:

## القانون رقم (١١) لسنة ٢٠١٨

## قانون التعديل الثالث لقانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ المعدل في إقليم كوردستان – العراق

**المادة (١):**

**تعدل المادة (١) من قانون التعديل الثاني لتطبيق قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ وتقرأ على الوجه الآتي:**

**المادة (١):**

تجدد عقود إيجار العقار المبرمة لأغراض السكنى أو لغير السكنى مرة كل أربع سنوات بأجرة يتفق عليها الطرفان سواءً بالزيادة أو النقصان بشرط ألا تزيد الأجرة في حالة الزيادة على (٢٠٪) من الأجرة السابقة.

**المادة (٢):**

**تعدل المادة (٢) من قانون التعديل الثاني لتطبيق قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ وتقرأ على الوجه الآتي:**

**المادة (٢):**

**أولاً**– إذا لم يتفق طرفا العقد على مقدار الأجرة بموجب المادة (١) من هذا القانون يحق لكلا الطرفين أو لأحدهما الطلب من مديرية ضريبة العقار تقدير الأجرة من خلال لجنة تقدير خاصة مع الأخذ بنظر الاعتبار الظروف الاقتصادية.

**ثانياً**– تكون قرارات اللجنة الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة قابلة للطعن فيها لدى محكمة البداءة خلال مدة (١٥) يوماً من صدور قرار التقدير ويكون قرار المحكمة باتاً.

**المادة (٣):**

**تلغى المادة (٤) من قانون التعديل الثاني لتطبيق قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩.**

**المادة (٤):**

**تضاف مادة إلى القانون ويعاد تنظيم تسلسل المواد وتقرأ على الوجه الآتي:**

تخضع التخلية في عقود المادة (١) من هذا القانون لأحكام قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩.

**المادة (٥):**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٦):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٧):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

من أجل تحقيق العدالة والتوازن بين حق المستأجر وصاحب الملك ومع الأخذ بنظر الاعتبار الظروف والمشاكل الاقتصادية والاجتماعية، فقد شرع هذا القانون.

| | | |
|---|---|---|
| **بيگەرد دلشاد شكرالله** | **جعفر إبراهيم ئێمینكی** | **يوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان ـ عیراق** | **كوردستان ـ عیراق** | **كوردستان ـ عیراق** |